



کەریم دەشتی

# شیعر، مانا، درود



کە بچینە ناو شیعر ئیتر زەمەنی کپی تەواو دەبێ و ژاوەژاوە دەست پێ دەکات، ئەوەی خەریکی شیعر بێت دەبێ دەستبەرداری ژیانێکی ئاسوودە و روحێکی حەساوە بێت، ئاسوودەیی و روحیکی حەساوە لە ناو ماڵی شیعردا جێگەی نابێتەوە، چونکە شیعر خوای پرسیارەکانە، ئەو پرسیارانەی کە هەرگیز وەڵامیان نییە، بەڵام شیعر بێهوودە وەڵامی وەهمی ئەوان دەداتەوە، کە هەتا وەڵامدانەوەکانیشی بریتین لە جۆرە پرسیارێکی تر، شیعر و درود رەگەزی هاوبەشیان هەیە بەوەی کە هەردووکیان پەیگیری شتێکن شاراوە و نادیار، هی یەکەمیان تیما و بیرۆکەیە و لە وشە و رستەدا بەرجەستە دەبێ، هی دووەمیشیان لە سیمای خوادا، هی یەکەم ئەندێشەی قوڵی شاعیر حوکمی دەکا و هی دووەمیش باوەڕی بەتینی عابید، پەیامی شیعر گەڕانە بە دوای ئایدیایێک کە خوڵقێنەری شاکار و داهێنانە، وا لە شاعیر دەکات بۆ تا هەتا جاویدان بێت، پەیامی درودیش گەڕانە بە

دوای خوایەک خولقێنەری چارەنووسی بەختەوەرییە لە ئێستا و دوای مەرگ، بەم جۆرە نەمرییی رەگەزی بەهێز و هاوبەشی نێوان شیعر و درودە و قسەکردنە لەگەڵ غەیبدا، واتە غەیبانییەت خەسڵەتی هەرە دیاری شیعر و درودە. شیعر بەخشندەی ئاگاهییە، بێ بوونی شیعر لە نێو کپی وەستانێکی ئەبەدیدا ژیان بەسەردەچێ، ئێمە پێویستیمان بە ژانرێکە بەرهەمهێنەری زیندووکەرەوەی دەمارەکانی روح و دڵ و هزر بێ، کە شیعریش لە توانا و بڕستیدا هەبێ ئەم کارە خواییە بکات دەبێ شکۆمەندی راگرین، هەر بۆیەش شیعر هەڵگری جۆرێک لە قودسییەت و پیرۆزییە کە لە قودسییەت و پیرۆزی خواوەندی دەچێت، جا ئەوانەی کە پەییان بەم پیرۆزییە بردبێ، نووسینی شیعر لای ئەوان کارێکی ئەستەم و دژوارە، بەبێ ئەزموونێکی بەتین توخنی شیعر ناکەون، چونکە باش دەزانن لە کاتی کاربەرداری نووسینەوەی سرووتی پیرۆزی خەڵقکردن شوکرانە بژێری تیماکان دەکەن. شیعر هیچ زەمەنێکی دیاریکراوی نییە، ئەوەی کە شیعری زاڵ کردووە بەسەر زەمەندا ئەوەیە، شیعر خۆی خولقێنەری زەمەنی خۆیەتی لە رێگەی داهێناندا، دەخوازم بڵێم شیعر رەهەندی چوارەمی زەمەنە کە هەموو ئێستا و داهاتوو لە ناو وشەدا کۆدەکاتەوە بۆ دەربازبوون بۆ ناو دەرەوەی زەمەن و دەسگیرکردنی رەهایی، چونکە شیعر دەبێ بوونەوەرێکی ئازاد بێ. شیعر پێویستی بە فیکر و مەعریفەی رەها هەیە، بەڵام شیعر فیکر و مەعریفە نانووسێتەوە، بەڵکو وردوخاشیان دەکات و دەیانکات بە سوتووی تێڕامان و گوزارشتکردن لە هەراسانی روح و جاویدانی. شیعری باش هەموو پێناسەکانی بەتاڵ دەکاتەوە و هیچ چەمکێکیان بۆ ناهێڵێت. فۆرم و ریتم زمان و ناوەڕۆک لەناو هەڵڕژانێکی ئەبەدی شیعریدا ئاوەها بەیەکەوە بەندن، هیچ هێزێ نییە بتوانێ لەبەر یەکیان هەڵوەشێنێتەوە ئەگەر شیعر بە ئومێدی جاویدانی داڕێژرابێ. شیعر لە دەرەوەی تەکنیکی مێژوویی مێژووی تایبەت بە خۆی دروست دەکات، مێژوویێک تژی لە شەڕە قورسەکانی مانا، ئەو مانایانەی هەمیشە و بێ وچان مرۆڤ لە قاڵبە متبووەکانی خۆی رەها دەکات و دیخاتە ناو فۆرمە جیاجیاکانی ئازادی، ئەو ئازادییەی هەموو فەزاکان لە بەردەم گوزارشتی مرۆڤایەتی دەکاتەوە.